## داسەپاندنی هەویەی قەومی بەسەر شاری کەرکوکدا
## ئاگری جەنگی نەتەوەیی هەڵدەگیرسێنێت!
## دەربارەی قسەکانی مەسعود بارزانی

رۆژی چوارشەممە8-9-2004 مەسعود بارزانی لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ ژمارەیەك لەخەڵکی ناوچەی پشدەروبتوێن، ئەوەی راگەیاند کە ئامادە نییە سازش لەسەر هەویەی کوردیی شاری کەرکوك بکات‌و تەئکیدی لەوە کرد کە بۆ پاراستنی هەویەی کوردانەی ئەو شارە ئامادەیە بجەنگێت.
ئەم لێدوانەی سەرۆکی پارتی کە خاوەنی هێزێکی میلیشیایی چەند هەزار کەسی‌یە، ناتوانرێت وەکو هەرەشەیەکی جدی بۆ بەرپاکردنی جەنگێکی نەتەوەیی لەم شارەدا چاوی لێ نەکرێت کە مەترسی تەنینەوەی بۆ سەراسەری عێراق هەیە کە سەرجەم خەڵکی عێراق‌و کوردستانیش بە ئاگری خۆی بسوتێنێت. بە تایبەتی لە هەلومەرجێکدا کە هێزەکانی ئیسلامی سیاسی‌و ناسیۆنالیزمی عەرەب، دەسەڵاتدارو ئۆپۆزیسیۆن، لەسەر زەمینەی وجودی ئەمریکاو لێکترازانی بارودۆخی سیاسی‌و بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی عێراق، فرسەتی ئەوەیان پەیدا کردووە کە خەسڵەتی نەتەوەیی‌و ئاینی بە دەوڵەتی عێراق بدەنەوەو لایەنی ئەوبەری ئەم شەڕو کێشمەکێشە خوێناوی‌یە نەتەوەیی‌یە بن کە مەسعود بارزانی مژدەی بەرپاکردنی رادەگەیەنێت.
مەسعود بارزانی‌و سەرجەم رابەرانی ناسیۆنالیزمی کورد هەمیشە بە شوێن ئەوەوە بوون کە لە دەسەڵاتی دەولەتی عێراقدا بەشێکیان پێ‌ببڕدرێت‌و لەم رێگایەشەوە بۆرژوا-ناسیۆنالیستی کورد رێژەیەکی زیاتری لە بەشی سەرمایە لە عێراقدا بەرکەوێت. بزووتنەوەی کوردایەتی هیچ کاتێك کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کوردستان و بەرگریکردن لە هەویەی ئینسانی خەڵکی کوردستان، جەوهەری سیاسەت‌و بەرنامەی سیاسی ئەوی پێك نەهێناوەو پێك ناهێنێ. مێژووی بزووتنەوەی بارزانی‌و سەرجەم بزوتنەوەی کوردایەتی لە کوردستانی عێراق مێژووی سیاسەتی جەنگ‌و رێکەوتن بووە لەگەڵ دەوڵەتە نەتەوەپەرستەکانی عەرەب لە ناوەندا.
لەدوای رووخانی رژێمی نەتەوەپەرستی بەعسیشەوە دووبارە حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بۆ گەیشتن بە هەمان بەشیان لەدەسەڵاتدا کەوتنەوە ساتوسەودا لەگەڵ هێزە کۆنەپەرستەکانی ئیسلامی سیاسی‌و ناسیۆنالیستە پەڕوباڵکراوەکانی عەرەب. فیدراڵیزمی نەتەوەیی لەناو چوارچێوەی عێراقێکی ئیسلامی عەرەبیدا، چوارچێوەی سیاسی ئەم بەشداریکردنەیانە لەدەسەڵاتی ناوەندیدا. بەردەوامیش ئەوەیان راگەیاندووە کە ئامادەن بۆ بەدیهێنانی ئەم ستراتیژە سیاسیەی بۆرژوا ناسیۆنالیستی کورد پەنا بۆ جەنگ بەرنەوە! شاری کەرکوکیش ئەو مەیدانەیە کە تۆپخانەی جەنگی نەتەوەپەرستی تێدا جێگیر بکەن. شانبەشانی ئەمانیش هێزەکانی ئیسلامی سیاسی‌و ناسیۆنالیزمی عەرەب‌و ناسیۆنالیستە تورکمانەکانی دەستچنی رژێمی نەتەوەپەرستی تورکیاش خەریکی ئامادەکردنی سەنگەرەکانی ئەوبەری ئەم جەنگەن! هەریەکە لەم هێزو لایەنانە لە پێشبڕکێی ئەوەدان مۆری نەتەوەیەك لەم شارە بدەن. لە ئاکامی ئەمەشەوە هەر لایەنە جەماوەری هاوزمانی خۆی بخانەپشتی خۆیەوە و بیان کاتەوە بەگژ ئەو خەڵکانەدا کە هاوزمانی خۆیان نین لە پێناو بەئاکام گەیاندنی بەرژەوەندی‌یە سیاسیەکانیان! بەم شێوەیە دانیشتوانی ئەم شارە کە چەندین ساڵە پێکەوە لە گەڕەك‌و لە سەرکار هاوکارو دڵسۆزی یەکتر بوون، بە چەقۆو قەمەو چەکی قەومپەرستیەوە بەربدەنەگیانی یەکترو لافاوی خوێنی ژن‌و منداڵ‌و لاوو پیری ئەم شارە شەقام‌و کۆڵانەکانی ئەم شارە سوور بکات! ئەمە سیناریۆیەکی خەتەرناکی واقعی‌یە کە لە ئاکامی داسەپاندنی هەویەی قەومی‌یەوە بەسەر ئەم شارەدا روو دەدات.بەداخەوە تائێستاش لە مانۆی خۆئامادەکردندا بۆ ئەم جەنگە نەتەوەپەرستانەیە چەندین کەس لە خەڵکی کورد و تورکمان‌و عەرەبزمانی ئەم شارە بوونەتە قوربانی.

هاتوهاواری ناسیۆنالیزمی کورد بۆ پاراستنی هەویەی کوردانەی کەرکوك لەبەرخاتری چاوی رەشی دانیشتوانی کورد زمانی ئەم شارە نیەیە. تەجروبەی ژیانی کولەمەرگی‌و بێمافی‌و ئاوارەیی10–12 ساڵی رابردووی خەڵکی ئاوارەی کەرکوکی ژێردەسەڵاتی ئەم حیزبانەو حکومەتە خۆماڵیەکانی ئەوان‌و تەجروبەی ئەم ساڵونیوەی دوای رووخانی رژێمی بەعسیش بە روونی دووریی ئەوانی لەبەرژەوەندی‌و ئومیدو هیواکانی خەڵکی کوردزمانی ئەم شارە نیشان داوە. خەڵکی کوردزمانی کەرکوك بۆ ناسیۆنالیزمی کورد بریتی‌یە لە کارتی خاوەندارێتی بۆ بیرە نەوتەکانی کەرکوك!

پاراستنی خەڵکی کەرکوك‌و سەرجەم خەڵکی عێراق‌و کوردستان لەو سیناریۆ خەتەرناکە لەرێگای چارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە دەبێت. کێشەی کورد لە کوردستانی عێراق‌و مەسەلەی کەرکوك پێکەوە گرێیان خواردووەو چارەسەرکردنیان مەسەلەیەکی سیاسی‌یە. رێگاچارەی سیاسی‌و ئینسانی بۆ کۆتایی‌هێنان بە کێشەی کورد لە عێراق کێشەی کەرکوکیش بە شێوەیەکی ئینسانی چارەسەر دەکات‌و خەڵکی ئەم شارەو سەرجەم خەڵکی عێراق‌و کوردستان لە مەترسی ئەم جەنگەی ئیسلامی سیاسی‌و ناسیۆنالیستەکان دەپارێزێت. جیابوونەوەی کوردستان‌و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی غەیرە قەومی‌و غەیرە دینی‌و سکۆلار کە تەرحی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقەو خواستی جەماوەری بەرینی خەڵکی کوردستانیشە، ئاسۆی ئەو کێشمە کێشە خوێناوی‌یەی هێزە کۆنەپەرستە بۆرژایی‌یەکان تاریك دەکات. پاراستنی هەویەی ئینسانیی دانیشتوانی کەرکوك بەکوردو تورکمان‌و عەرەبزمانەوە لەجێ‌بەجێبوونی ئەم تەرحە سیاسیەدا دابین دەبێت.

بەرژەوەندی خەڵکی عێراق‌و کوردستان‌و دانیشتوانی کەرکوکیش لەوەدایە کە بە هەموو تواناوە بۆ سەرخستنی تەرحی جیابوونەوەی کوردستان‌و پێکهێنانی دەوڵەتێکی مۆدێرنی غەیرەدینی‌و غەیرەقەومی لەکوردستان تێ‌بکۆشن. بۆ ئەم مەبەستەش لەدەوری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، کە خەباتکاری رێگای بەدیهێنانی ماف‌و ئازادی‌و خۆشگوزەرانی‌و ژیانێکی ئارام‌و ئاسودەو یەکسانەبۆ خەڵکی عێراق وکوردستان، کۆببنەوە.

کۆمیتەی رابەری

رێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق

2004-09-11